## وەزارەتی کشتوکاڵ
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەوی و زار**

**ژمارە : ٩٢٥٥**
**ڕێکەوت : ٢٠٠٨/٩/١١**

### ڕێنمایی ژمارە ( ٣ ) ی ساڵی ٢٠٠٨
**تایبەت بە جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ٢٠٠٨**
**( یاسای ڕێکخستنی مافی دەسکاری زەوی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان – عێراق )**

**پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی لە ماددەی حەوتەم لە یاسای ئاماژەپێکراو پێمان دراوە ئەم ڕێنمایەمان دەرکرد:–**

**ماددەی یەکەم :–**

نیاز لەو دەستەواژانەی دادێن بۆ مەبەستی ئەو ڕێنماییە ئەو مانایانەیە کە بەرامبەریان روون کراوەتەوە :

١ ) وەزارەت : وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان – عێراق .
٢ ) وەزیر : وەزیری کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان – عێراق .
٣ ) بەڕێوەبەرایەتی گشتی : بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەوی و زار.
٤ ) بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان : بەریوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان .
٥ ) یاسا : یاسای ڕێکخستنی مافی دەسکاری زەوی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ٢٠٠٨ .
٦ ) یاسـای چاکسازی کـشتوکاڵی : یاسـای چاکـسازی کـشتوکاڵی ژمـارە ( ١١٧ ) ی سـاڵی ١٩٧٠ و هەموارکردنی و ئەو ڕێنماییانەی بەپێ ی یاساکە دەرچوون .
٧ ) زێدەڕۆیی : هەر کە سێ زێدەڕۆیی بکاتە سەر زەوی کشتوکاڵی و بێ ئەوەی بڕیاری دابەش کردن یان گرێبەستی هەمیشەیی هەبێت یان بەبێ مەرجی یاسایی ، زەویەکە بەکاربهێنێ .
٨ ) بەکارهێنەر : هەر کەسێ زەوی کشتوکاڵی بە کاربهێنێ و مەرجەکانی یاسایی تیابێت بۆ گرێ بەست کردن لە گەڵیا و هەلسوکەوتی بە زەویەکەش کردبێ تەنها بۆ مەبەستەکانی کشتوکاڵی .

**ماددەی دووەم :–**

مـافی هەڵـسوکەوتی زەوی کـشتوکاڵی ( مـیری ) دەچەسـپێندرێت بـە نـاوی جوتیـارانی کـە زەوییـان بەسەردابەش کراوە یان گرێبەستیان لەگەڵداکراوە بەپێ ی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی و گۆڕانکاریەکانی و ڕێنماییەکانی دەرچووە بەپێ ی یاساکە بە مەرجێ بڕیارەکانی دابەش کردن پەسندکرابن و پێشتر پووچەڵ نەکرابێتەوە وە گرێبەستەکانیش لەکاردابن و نوێ کرابنەوە وە جۆری زەویەکەش دەکرێتە ( مولکی دەولەت و مافی دەسکاری لەسەرە ) .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com

**ماددەی سێ یەم :-**

پێویستە لەسەر خاوەن مافی هەلس و کەوت بەردەوام بێت لەبەکارهێنانی زەویەکە بۆ مەبەستەکانی کشتوکاڵی و بایەخی پێ بداو بە پێچەوانەوەش مافی چەسپاندنی پووچەڵ دەکرێتەوە بە بریارێك لە وەزیرەوە ئەگەر خاوەن مافی هەلس و کەوت وازی هێنا لە داچاندنی زەویەکە بۆ ماوەی سێ وەرزی کشتوکاڵی لە دوای یەك بەبێ هیچ پاساوێکی شیاو یان لەوکاتەی زەویەکەی بۆ مەبەستی کشتوکاڵی بەکار نەهێنێت. وە زەویەکەشی لێ وەردەگیرێتەوە .. زەویەکە تۆمار دەکرێتەوە بە ناوی وەزارەتی دارایی بۆ مەبەستی کشتوکاڵی بێ بەرامبەر و گشت دروست کراو و داچێنراوەکانیش شایستەی هەڵکێشانن .

**ماددەی چوارەم :-**

١- پێویستە لەسەر ئەوەی هەلس و کەوتی کردبێ بە زەوی کشتوکاڵی میری و هەلسابێت بە داچاندنی زەویەکە بۆ مەبەستی کشتوکاڵی و بایەخی پێ دابێ وە مەرجەکانی یاسایی تیابێت بۆ گرێبەستەکردن لە گەڵیا پێویستە لەسەری داواکاری خۆی پێشکەش بە بەرێوەبەرایەتیەکانی گشتی کشتوکاڵی بکات کە زەویەکەی دەکەوێتە سنووری لە ماوەی دیاری کراو کە لە ( ٩٠ ) رۆژ تێپەرنەکات لە رێکەوتی دەرچوونی ئەم رێنماییە بە مەبەستی گرێبەستە کردن لەگەڵیا پاش دانی کرێ یەکانی لەسەری کۆبویتەوە بۆ ساڵانی کە زەویەکەی بەکارهێناوە بەمەرجێ رووبەرەکە زیاتر نەبێ لە یەکەی دابەش کردنی کەرتەکە و مافی چەسپاندنی هەلس و کەوتی بە ناو دەکرێت دوای تێپەربوونی سێ ساڵ بەسەر مێژووی گرێبەستەکردن کە بەپێ ی یاسای سەرەوە پاش دلنیابوون لە پابەندبوونی بە مەرجەکانی گرێبەستەکە .

٢- ئەو داواکاریانەی پێشکەش بە بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی کشتوکاڵی کراوە رەوانەی دەکات بەپێ ی برگەی ( ١ ) لەسەرەوە بۆ لێژنەکانی کارگێری زەوی و زار لە قەزا و ناحیەکان بۆ تەماشاکردنی و لێکۆلینەوە لە بونی مەرجەکانی یاسایی بەپێ ی برگەکانی یاسای چاکسازی کشتوکاڵ و رێنمایەکانی ژمارە ( ٦ ) ساڵی ١٩٧٠ .

**ماددەی پێنجەم :-**

یاساکە ئەمانەی خوارەوە ناگرێتەوە :

١ – ئەو زەویانەی کە کاری ( تسویە ) یان چەسپاندنی مافی هەلس و کەوتی بۆ نەکراوە و یاسای ژمارە ( ٣٢ ) ی سالی ٢٠٠٧ ئەیانگرێتەوە .

٢ – زەویە تەرخان کراوەکانی سوودی گشتی لەوانە ( زەوی گوند – دارستان و لەوەرگاکان – زەوی سەربازگەکان و فرۆکە خانەکان .......هتد )

٣ – ئەو زەویانەی ژێر ئاو دەکەون و یان قەراغ ئاون .

**ماددەی شەشەم :-**

بۆ جێبەجێ کردنی برگەکانی ئەم یاسایە بە فەرمانی وەزیر ئەم لێژنانەی خوارەوە پێك دێت:

یەکەم : لێژنەکانی چەسپاندنی مافی بەکارهێنان

پێك دەهێندرێت بە سەرۆکـــــایەتی فەرمانبەرێکی کشتوکاڵی پسپۆر لە بواری زەوی و زار و ئەندامیەتی

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com

رووپێوێك و نوێنەری كارگێریێ و نوێنەری یەكێتی جوتیارانی ناوچەكە هەڵدەستێ بەم كارانەی خوارەوە:

١ – ئاگاداركردنەوەی دەسەڵاتی كارگێری ناوچەكە بە نوسراو بە رۆژی دەست بەكاربوونی لێژنەكە و ئاگاداركردنەوەی جوتیارەكانی كە ماددەی دووەم لەو رێنماییە دەیانگرێتەوە كە ئامادەبن لە كاتی دیاری كراو لەلایەن لێژنەكە ( پاش ١٥ رۆژ لە مێژووی ئاگاداركردنەوە ) ئەم ئاگاداركردنەوەیەش رادەگەیەندرێت بە هەلواسینی وێنەیەكی ئاگاداریەكە لە بنكەی یەكە كارگێریەكان و بلأوكردنەوەی لە رۆژنامەیەكی بەربلاو لە ناوچەكەو وێنەیەكی ئاگاداریەكە لە دەرگای مزگەوتی گوندەكە هەلدەواسرێت

٢ – لێژنەكە هەلدەستێت بە داواكردنی وێنەی تۆماری نویێ ی پارچە زەویەكان و نەخشە لە فەرمانگەكانی تۆمارگای خانووبەرە كە دوا ( افرازات ) ی ئەنجامدراوی لەسەر دەست نیشان كرابێت .

٣ – لێژنەكە دەچێتە شوێنی كارەكە لە رۆژی دیاری كراو لە ئاگاداریەكە و ژمارەیەك لە جوتیارەكان هەڵدەبژێرێت یاخود دەستەیەكی هەلبژێردراوی گوند بۆ سوود وەرگرتن لە زانیاریەكانیان .

٤ – لێژنەكە هەلدەستێت بە كێومالّی پارچەكان و دیاركردنی رووبەری بە ڕاستی بەكارهێنراو و روون كردنەوەی تەواوی لەسەر نەخشە بە مەبەستی چەسپاندنی مافی هەلس و كەوت وەكو دیاری كردنی ژمارەی پارچەكە و كەرتەكە و ناوی كەرتەكە و ناوی ناحیە و قەزا و لەگەل دیاری كردنی پێوەری نەخشەكە و هەرچی زانیاری تر لەسەر نەخشەكە و تۆماركردنی ژمارەكانی پارچە زەویەكان و شوێنی گوند و كۆمەلگاكانی نیشتەجێ و زەویەكانی سوودی گشتی و رووبەرەكانی تەرخانكراو بۆ فەرمانگەكانی میری لەگەل دیاری كردنی رووبەرەكانیان و هەروەهاش ئەو رووبەرانەی كە ناشێن بۆ چاندن .

٥ – پاش ئەوەی لیژنەكە كیومالی پارچە زەویەكەی كردوو و رووبەرەكانیان دیاری كرا ووردبینی ناوەكانی جوتیارەكانی كەماددەی دووەمی ئەو رێنماییە دەیانگرێتەوە دەكات لێژنەكە هەلدەستێت بە رێكخستنی كۆنوسێك بە تەواوی كە ئەمانەی خوارەوەی تێدابێت

أ ) ژمارەی پارچەكە و كەرتەكە و جۆرو رەگەزی زەویەكە و رووبەر و سنووری و دیاری كردنی شوێنەكەی لە باكور یان باشووری هێلی باران بارین دایە ئەگەر زەویەكە پشتاوبوو وە چەندیشی دەكەوێتە ناو سنووری شارەوانیەكان .

ب ) جۆری بەرووبوومی چێندراو بە ڕاستی .

ج ) جۆری ئاودێری و ئاستی بەش كردنی ئاوەكە و هۆكارەكانی ئاودان و سەرچاوەكانی .

د ) دیاری كردنی بە پیتی زەویەكە .

هـ ) ئەو مافانەی كە هەیەتی و لەسەریەتی ( وەكو مافی ڕێرە و ئاوخواردنە و هات و چۆ )

و ) ئەو رووبەرانەی كە بەداراداچێندراون و لەگەل جۆر و چڕی ژمارەی دارەكان لەهەر دۆنمێك و تەمەنیان و دیاركردنی ناوی ئەو كەسەی رووبەرەكانی داچاندوە و هەرچی لەسەر دروست كراوە لە دام و دەزگاكانی سوودی گشتی و تەرخان كراو بۆ فەرمانگەكانی دەزگا و كۆمەڵگاكانی نیشتەجێ و شوێنەواری دێرین و رووبەرەكانی میری و دیاركردنی رووبەرەكانیان .

ز ) هەرچی زانیاریەكی دیكە .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com

سەرجەم ئەندامانی لیژنەكە واژوولەسەر كۆنوس و نەخشەكە دەكەن و بیرو رایان دیاری دەكەن لەسەر خاوەن داواكە مافی هەلس و كەوت بەپیێ ی یاساكە دەیگریێتەوە یان نا لەگەل روون كردنەوەی هۆیەكە ....پاشان بەرزیان دەكاتەوە بۆ بەرێوبەرایەتی گشتی كشتوكالی پارێزگا.

دووەم : لێژنەی بەدواداچوونەوە لە پارێزگا :

پێك دێت لەبەریوەبەری زەوی و زاری پارێزگا و فەرمانبەرێكی كشتوكالی شارەزا لە بواری زەوی و زار و ئەندامیەتی رووپێوێك ئەركیان بەدواداچوونەوەی كارەكانی لێژنەكانی چەسپاندنی مافاو هەلوەستەكردن لەسەر گشت گیروگرفت و چارەسەركردنی كێشەكانی كە رێگرن لە بەرێوەچوونی كاری لێژنەكان وە لێژنەی بەریوەبەرایەتی گشتی زەوی و زار ئاگاداردەكاتەوە بە راپۆرتی مانگانە بە كارەكانی لێژنەكانی چەسپاندن .

سێ یەم : لێژنەی ووردبینی :

پێك دەهێنرێت لە فەرمانبەرێكی شارەزا لە كاروباری زەوی و زار و ئەندامیەتی رووپێوێك و فەرمانبەرێكی شارەزا لە بواری كۆمپیوتەر ئەركەكەی ووردبینی كردنی كۆنوسەكان و نەخشەكانی بۆی هاتووە لە لایەن لێژنەكانی چەسپاندنی ماف و تەواوكردنی كەم و كورتیەكانی سەرەڕای هەلسان بە كۆپی كردنی نەخشەكان و بەراییەكانی بابەتەكان بە هەماهەنگی كردن لەگەل فەرمانگەكانی پەیوەندار ...

دوای تەواو بوونی ووردبینی كردن كۆنوسەكانی چەسپاندنی مافی ئەوانەی یاساكە دەیانگرێتەوە لەگەل هەموو بەلگەنامەكان بەرزدەكرێتەوە بۆ وەزارەت بۆ پەسندكردن .

چوارەم : لێژنەی بەدواداچوونەوە لە بەرێوبەرایەتی گشتی زەوی و زار :

پێك دێت لە فەرمانبەرێكی شارەزا لە بواری زەوی و زاری كشتوكالی و رووپێوێك و فەرمانبەرێكی كارگێری هەڵدەستێت بە بەدواداچوونەوەی كارەكانی لێژنەكان لە پارێزگاكان .

پێنجەم : لێژنەی ووردبینی لە بەرێوەبەرایەتی گشتی زەوی و زار :–

پێـك دێـت لـە بەریوەبـەری گـشتی زەوی و زار و ئەندامیـەتی بەریوەبـەری كاروبـاری یاسـایی و فەرمانبەرێكی شارەزا لە بواری زەوی و زار و رووپێوێك و كارەكانیان ووردبینی كردنی كۆنوسـەكان و بەلگەنامەكانی بۆی هاتووە لە لێژنەكانی بەریوەبەرایەتیەكانی كشتوكالی پارێزگاكان بۆی هەیە كەم و كورتیـەكان تـەواو بكـات ئەگـەر هـەبوو یـاخود گەڕانـەوەی بـۆ لێژنـەكان بـۆ تـەواوكردنی كـەم و كورتیەكان و ڕاست كردنەوەی هەلەكان و پاشان بەرزكردنەوەی بۆ وەزیر بۆ پەسندكردن..

**ماددەی حەوتەم :**

پاش پەسندكردنی كۆنوسەكانی چەسپاندنی مافی هەلس و كەوت لە لایەن وەزیر ..

بەرێوبەرایەتی گشتی زەوی و زار فەرمانگەكانی تاپۆی پەیوەندار ئاگاداردەكاتەوە بۆ تۆماركردن و راست كردنـەوەی تۆمارەكانیـان بـەم پـێ یـە وە كـرێ یـەكی رەمـزی دیـاری دەكرێـت لەلایـەن لێژنـەكانی پـسپۆر لـە پارێزگاكان ئەمەش بە رەچاوكردنی بە پیتی زەویەكە و شوێنی دووری لە پارێزگاكان و قەزاكان و ناحیەكان و جۆری ئاودانی و كە دەبێتە بنەمایەك بۆ وەرگرتنی باجی یاسایی لەلایەن فەرمانگەكانی تاپۆ .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com

**ماددەی هەشتەم :**

دەبێـــت فەرمانگـــەکانی تـــاپۆ وێنەیـــەکی نەخـــشەی کۆتـــایی جیاکراوەکـــان ( الافـــراز ) بداتـــە بەریوەبەرایەتیەکانی گشتی کشتوکاڵ.

**ماددەی نۆیەم :**

کـاری چەسـپاندنی مافـەکانی دەسـکاری دەکرێـت بـۆ ئەوانـەی ئـەم یاسـایە دەیانگرێتـەوە بـە مـەرجێ رووبەرەکە تێپەڕنەکات لە ڕادەی یەکەی دابەش کردنی دیاری کراو لە ماددەی شازدەهەمی یاسای چاکسازی کشتوکالی .

**ماددەی دەیەم :**

یەکەم : دەبێت بەرزترین ڕادەی مافی خاوەنداریەتی لەو زەویانەی کراونەتە مولکی دەوڵەت و ئەو زەوییانەی کراونەتە مولکی سرف بەپێ ی حوکمەکانی ئەم یاسایە وەکو خوارەوە بێت .

١ – لە زەوی دێمی ( پشت ئاو / ( ١٠٠٠ ) هەزار دۆنم لەو زەوییانەی دادەچێندرێت بە هەموو جۆرە بەروبومێك .

٢ – لە زەوی بەراو /

أ- ( ١٥٠ ) سەدو پەنجا دۆنم لەو زەوییانەی ئاو دەدرێن بەبێ هۆ .

ب – ( ٢٠٠ ) دوو سەد دۆنم لەو زەوییانەی ئاودەدرێن بە هۆی ئامێر .

دووەم : ئەگەر خاوەن مافی دەسکاری یا خاوەن مولك لە زەوی بە موڵك کراو مولکێکی سرف لە ئاکامی میرات رووبەرێکی بەرکەوت و رووبەرەکە لەو رادەیە زیاتربوو لـەو سنوورەی دیـاری کـراوە لەسـەرەوە ئـەوا رووبەرە زیادەکە دەستی بەسەردادەگیرێت و تۆمار دەکرێت بە ناوی میری بۆ مەبەستی کشتوکالی .

سێ یەم : هیچ ئاکامێك و گۆرانکاریەك روونادات لە کاتی گۆرینی ریگەی ئاوەدان جا چ بە کاری میری یان کاری خاوەن زەوی لەو رووبەرانەی ئاماژەپێکراو لە برگەی ( یەکەم ) لە مادەەی دەیەم .

**ماددەی یازدەهەم :**

یەکەم : ئەم ڕادانەی دیاری کراو لە خوارەوە دەبێتە نزمترین ڕادەی ئابووری بۆ زەوی کشتوکالی و رەزو باغ :

١ – ( ٢٥ ) بیست و پێنج دۆنم لە  زەوی کشتوکالی دێمی .

٢ – ( ٥ ) پێنج دۆنم لە زەوی کشتوکالی کە ئاودەدرێت بە هۆی ئامێر .

٣ – ( ٢/٥ ) دوو دۆنم و نیو لە زەوی بە راو .

٤ – ( ١/٥ ) دۆنمێك و نیو لە رەزوباغ .

دووەم : بە مەبەستی هاندانی لابردنی ( شیوع ) لـەو رووبەرەانـەی کە لـەو رووبەرانـە کـەمترە کە ئـاماژەی پـێ کراوە لە برگەی ( یەکەم ) ی سەرەوە مامەلەکانیان دەبەخشرێن لە باجی دادوەری .

**ماددەی دوانزەهەم :**

هیچ مافێکی یاسایی نادرێت بەو کەسەی کە زێدەرۆیی کردۆتە سەر زەوی کشتوکالی و رەز و باغ .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com

**ماددەی سێزدەهەم :**

لـەكاتی كوژاندنـەوەی مافـەكانی دەسـكاری لـەو زەويانـەی كـە ياسـاكە دەيانگريتـەوە لـە نـاو سـنووری شـارەوانيەكان خاوەنـەكانيان قـەرەبو دەكرێتـەوە بـە رێـژەی ( ٣٪ ) لـە رووبـەری كوژێنـدراوە بـە شـێوەی زەوی نيـشتەجێ ی فـەرز كـراو و تۆمـاردەكرێ بـە ناويـان لـە جـۆری مولـك سـرف ، ئەمـەش لـە رێكـەوتی دەرچـوونی ياسـای ژمـارە ( ٥ ی سـالی ٢٠٠٧ ) لـە رۆژی ( ٢٠٠٧/٥/٢٠ ) بـە دواوە ..بـەلأم ئـەو زەويانـەی كـە دەكەونـە دەرەوەی سنووری شارەوانيەكان كاری كوژاندنەوەيان بۆ دەكرێت بەپێ ی ئەو ياسانەی كە ئيستا كاری پێ دەكرێت .

**عبدالعزيز طيب**
**وەزيــری كـشتــوكـــال**

ئەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كوردستان لە سايتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com